# راپورتی ساڵانەی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە پێوند بە رژیمی ئێران



سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی راپورتی سالانەی خۆی بۆساڵی ٢٠٠٧ لە بارەی بارودۆخی مافی مروۆ لە وەڵاتانی جیاجیا بلاو کردەوە. لەو راپورتەدا هاتووە لێپرسراوانی رژیمی ئاخوندی لە ساڵی رابردودادرێژەیان بەسەرکوتی موخالفان داوە. رۆژنامە نوسان، دانیشمەندان و تێکۆشەرانی مافی ژنان و کۆمەڵایەتی لە بەرهەرەشەی گرتنی لە خۆوە و قەدەغە کردنی سەفەرو داخستنی سازمانە غەیرە دوەڵەتیە کانیان دا بوون. جیاوازی دانان لە دژی ژنان تۆمار کراوە، شکەنجەو باقی رەفتارەنەشیاوەکان لە زیندانەکان دا پەرەی گرتوە.

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە راپورتی سالیانەی خویدا دەنوسێ: بەلانی کەمەوە ٣٣٥ کەس لە سالی رابردوودا لە ئێران ئێعدام کراون کە٧ کەسیان منداڵ بوون. حوکمی ئێعدام بە شێوەی بەردەباران و برینی ئەندامی لەش و قامچی لێدان بەرێوەدەچێ.

لە راپۆرتی سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بارەی نەبوونی ئازادی بەیان لە ئێران هاتووە.

سەرکوت زیادی کردوەو رێگە لە هەر جۆرە دەنگیی ئازادیخوازانە گیراوە. خۆپیشاندانەکان سەرکوت دەکرێن و ئەوکەسانەی دەگیرێن، بەشێوەیێکی ناعادڵانە دادگای دەکرێن. لێپرسراوان بەربەستی زۆریان بۆ دەست گەیشتنی خەڵك بە ئینترنێت درووست کرد. رۆژنامەنوسان، زانستگاییەکان و ویبلاگ نوسان لەو کەسانەن کەدەگیرێن و بە زیندان و قامچی مەحکوم دەکرێن و چەندین بلاو کراوەش داخراون. سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە راپۆرتی سالیانەی خویدا دەنوسێ: لە ساڵی رابردودا دەستە سەربەخۆکانی مافی مروۆ و رێکخراوە ناحکومیەکان بۆ سەرژمێری فەرمی بەربەستیان بۆ دروست کراوە. خوێندکاران بۆ چەسپاندنی مافی مروۆ خەباتیان دەکرد، بەرەورووی سەرکوت بونەوە.

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە راپۆرتی خۆیدا لە بارەی باروودۆخی ژنان دەنوسێ: نیکوشەرانی مافی مروۆ کەوتەنەتەبەر شالاوی هێرش و جیاوازییکی زۆر لە نارادایە. هەزاران نەفەر لەبەر نەپۆشینی حیجاب گیراون. نیکو شەرانی کەمپی ١ مێلیون بەرەورووی شکەنجە بوونەوە. روناك سەفارزادە و هاناعەبدی و پەروین ئەردەلان ئەو ژنە کوردانەن کەلە مانگەکانی رەزبەرو خەزەلوەری ساڵی رابردو لە سنە گیران. مەحکوم بوونی دلارام عەلی یەکێك لە هەڵسوراوانی مافی ژن، نارەزایەتی بەرینی بە دواوە بوو. هەروەها ٣٣ ژن کەلەبەررانبەر دادگای ئینقلاب سەبارت بەموحاکەمەی ٥ کەس ناڕەزایەتییان دەربری، گیران ورەوانەی زیندان کران.

لێبوردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە سەرکوتی کەمینەکان لە ئێران بڵاوی کردەوە: بەلانی کەمەوە ٨ عەرەبی ئەهوازی لە پێوند بە تەقینەوەی بومب لە ئەهواز بە تاوانبار ناسێندران و ئێعدام کران. بەلانی کەمیشەوە ١٧ عەرەبی دیکە لەو پیوەندیە دا گیراون.

هەروەها ئاماژەی بە گرتنی ئازەریەکان کە بەبونەی زمانی دایکەوە رێپێوانیان سازکردووە.

لێبوردنی نێونەتەوەیی زیادی کرد کەپۆلیس لە بلوچستان تەقەی لە کچێکی ١١ سالە و باوکی کردوە و کوشتویانن. کەلەو بارەوە هیچ لێکۆڵینەوەیێك نەکراوە.

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بارەی فشار بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەنوسێ: موحەمەد سەدیقی کەبودوەند، رۆژنامە نوس و سەرۆکی رێکخراوی مافی مروۆ لە کوردستان لە مانگی جۆزەردانی ساڵی رابردو بەتاوانی هەڵسوڕان دژی ئاسایشی نەتەوەیی گیرا.ناو براو لە بارودۆخی خراب لە زیندان سکاڵای کردوە. موحەممەد سەدیقی کەبودوەند لە زیندان سەکتە لێ داوە.

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە درێژەی راپۆرتی خویدا ئاماژە بە بارودۆخی کەمینە مەزهەبیەکان دەکاو دەنوسێ: لە ئێران بە هائیەکان بەتوندترین شێوە سەرکوت دەکرێن. بەلانی کەمەوە ١٣ بەهایی لە ئێران گیراون و لە مافی هاووەڵاتی بوون بێ بەشیانکردون.

لە مانگەکانی خەزەڵوەرو رزبەر، دەروێشەکان هێرشیان کرایە سەر و زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لێ گرتن. لە مانگی خەرمانانداژن و پیاوێك بە هۆی بەشداری کردنیان لە مەراسیمی زەماوەندی مەسیحییك قامچیان خوارد.

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەنوسێ: شکەنجەوباقی رفتارە نەشیاوەکان درێژەی هەیە و بەلانی کەمەوە دووزیندانی بە هۆی شکەنجەی قورسەوە گیانیان داوە.سێ خوێندکاری زانستگای ئەمیرکەبیر و بەرێوە بەرانی بڵاو کراوەی خوێندکاری کە بەتاوانی دەست هەبوون لە دەرکردنی بڵاو کراوە کە بەقسەی لێپرسراوانی رژیمی ئاخوندی سوکایەتیان بە پیروزیەتی ئیسلام کردوە، گیراون. ئەو سێ خویندکارە لە زیندان شکەنجە کراوون.

سازمانی لێبوردن لە دواییدا ئاماژە بەزەهرا بنی یەعقوب خویندکاری پزشکی دەکا کە لەرزبەری ساڵی رابردو لەهەمدان گیرا. لێپرسراوانی رژیمی ئاخوندی رایانگەیاند ناوبراو لە زیندان خۆی کوشتوە، بەلام کەس و کاری بەرپەرچیان داوە کە سەرۆکی رێکخراوی لێبوردن لە راپورتی سالیانەی خۆیدا باسی پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی زارای کازمی رۆژنامە نوسی کانادایی ئێرانی کردوە کەلە زیندانی رژیم لە ساڵی ٢٠٠٥ بە شکەنجەی هێزەکانی رژیم کوژراوە.

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بادەی سزای ئێعدام لە ئێران نووسی: لە ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی ئێعدامەکان لە ئێران چووتەسەر و ٣٣٥ کەس ئێعدام کران. ئەگەر چی ژمارەراستی زیاتر لەو ئامارەیە. بە پێی نوسراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی ژمارەییکی زۆر لەو ئێعدامانە لە شوینەگشتیەکان ئەنجام دراون. لەمانگی بانەمەڕدا دادگاییك بۆ کەمکردنەوەی رادەی ئێعدام لە رۆژهەڵاتی ئێران دامەزراوە بەلام ئەو کارە بووە هۆی زیاتر کردنی حوکمی ئێعدام لە بلوچستان.

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئاماژەبە ئێعدام کردنی لاوێکی خوار ١٨ ساڵ دەکاو دەنوسێ: بەلانی کەمەوە٧ لاوی خوار١٨ ساڵ ئێعدام کراون و ٧٥ ی دیکە چاوەڕێی بەرێوەچوونی ئێعدامن.

بەردەباران یەکێکی دیکە لەو دیاردانەیە کە سازمانی لێبوردنی نێونەتەویی لە راپۆرتی خویدا ئاماژەی پێکردوە. جەعفەرکیانی لە زستانی ساڵی رابردو لە تاکستان بردە باران کرا. بەلانی کەمەوە ٩ ژن لە هاوشێوەی پەروەندەی جەعفەر کیانی و دوو پیاولەوانەیە بەردەبارانبکرێن.

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی باس لەسزا بێ رەحمانە، نامروۆانە و غەم هەلگر لە ئێران دەکا و دەنوسێ: حوکمی قامچی و برینی ئەندامانی لەش لە ئێران درێژەی هەیە سوغرامە ولایی تاوانبار بە کوشتنی مێردەکەی کەبە بەردەباران مەحکوم ببو و لە دوای هەڵوەشانەوەی ئەوحوکمە بە ٨٠ زەربەی قامچی مەحکوم کرا. سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئەوەی زیاد کردکە قامکی دەست و لاقی ٨ کەس بە تاوانی دزی لە ساڵی رابردودا لە ئێران براوە.

## دامەزراندنی بنکەی سەربازی ناتۆ لە تورکەمنستان پەیامێکی جیدیە بە رژیمی ئێران



حەوتوونامەی ئەڵمانی ئیشپیگل لە دوایین ژمارەی خۆیدا هەواڵی داوە کە دراوسێی باکووری ئێران توکمەنستان لەوانەیە بنکەی هەوایی مرۆ، یەکێك لە گەورەترین بنکەکانی دەورانی شۆرەویی پێشوو بداتە ناتۆ و ئەمریکا. تورکەمنستان تەنیا وەڵاتی ئاسیای ناوەندیە کە لەگەڵ ئێران سنووری ئاوی و زەوی هەیە. برینی گازی تورکەمەنستان بۆ ئێران، زیندانی کردنی کۆمەڵێك لە شۆفیرە ئێرانیەکان لەو وەڵاتە و ناکۆکی لە سەر دابەش کردنی بەشی باشووری دەریای خەزەر، بۆتە هۆی ئەوە کە لێپرسراوانی رژیمی ئاخوندی یەك لەوان ئاخوند رەفسەنجانی، هەروەها وەزیری نەوت و ژمارەییێك لە نوێنەرانی مەجلیس رەخنە لە سیاسەتی تورکەمنستان بەرانبەر بە رژیمەکەیان بگرن.

بۆ یەکەمین جار لە دوای هەڵوەشانی یەکیەتی شۆرەوی پێشوو، سیاسەتی تورکەمەنستان و ئازەربایجان یەکیان گرتووە. کارناسان گوتوویانە دوورکەوتنەوەی تورکەمەنستان لە رژیمی ئێران، ئەو وەڵاتەی لە هەڵوێستەکانی جمهوری ئازەربایجانی نزیکتر کردۆتەوە. بە پێی نووسراوەی ئیشپیگل، ئەرتەشی تورکەمەنستان بنکەی هەوایی (مرۆی) بۆ کەڵك وەرگرتنی هێزەکانی ناتۆ ئاوەدان دەکاتەوە. ئیشپیگل ئەوەی ئاشکرا کردوە کە دەریاوان ویلیام فالۆن فەرماندەی عەمەلیاتی نیزامی ناتۆ لە رۆژهەڵات و خاوەری نزیك لە چاوپێکەوتنێك کە لەگەڵ لێپرسراوانی تورکەمەنستان ئەنجانی دابوو، ئەو وەڵاتەی دراوسێی ئێرانی وەك وەڵاتێکی جێگەی باوەڕ لە دابین کردنی ئەمنیەتی جیهانی ناوهێنا بوو. حەوتوونامەی ئیشپیگل پەردەی لە سەر ئەوە لاداوە کە ئەمریکا بە دوای داخرانی بنکەی نیزامی (کارشی خان ئاوا) لە ئوزبەکستان، بە دوای بنکەییێکی دیکەیە. نوێنەرێکی پەیمانی نیزامی ناتۆ پێشنیاری کۆمەگی بە تورکەمەنستان کرد بە دوای ئەوەدا سەرۆك کۆماری تورکەمەنستان فەرمانی دا بە پاسەوانانی سنوور کە لە گومرك و مەرزەکان بۆ ناتۆ لەمپەر دروست نەکەن. ئیشپیگل هەروەها نووسی، سازمانی ئەمنیەتی تورکەمەنستان بۆ شاردنەوەی هاوکاری و پێوەندی ئەو وەڵاتە لەگەڵ رۆژئاوا لە پێوەندی هاووەڵاتیانی لەگەڵ دەرەکیەکان پشتگیری کرد. ژمارەیێك لە کارناسان یەك لەوان میشائل لاوبش، سەرۆکی یەکێك لە دامەزراوە نێونەتەوەییە غەیرە دەوڵەتیەکانی پارێزەری ئازادی و مافی شارۆمەندی لە ئاسیای ناوەراست لە ووتووێژ لەگەڵ دویچەولە گوتویانە: ئەمریکا هێزی نیزامی لە تورکەمەنستان سەقامگیر کردوە و بوونیان هەیە. بە باوەڕی ئەو کارناسە ئەوە دوایین ئالقەی گەمارۆی رژیمی ئێرانە لەلایەن ئەمریکاوە. لە ئێستادا فرۆکە نیزامیەکانی ئەمریکا مۆڵەتیان هەیە لە خاکی تورکەمەنستانەوە کۆمەگ بگەیێننە هێزەکانی خۆیان لە ئەفغانستان. ئەمریکاییەکان بەڵێنیان داوە بە تورکەمەنستان تەنیا لە چوارچێوەی عەمەلیاتی نیزامی لە ئەفغانستان، کەڵکی لێ وەردەگرن. بەڵام کارناسان پێ یان وایە کە ئەمریکا بۆ هێرش کردنە سەر ئێران پێویستی بە حزووری نیزامی لە تورکەمەنستان هەیە. میشائل لاوبش سەرۆکی دامەزراوەی ئازادی و مافی شارۆمەندی لە ئاسیای ناوەراست لە ووتووێژ لەگەڵ دویچەولە هەواڵدەریی ئاڵمان لە بارەی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە تورکەمەنستان گوتی: ئێمە ئەزانین کە ئەمریکا بنکەیێکی سەربازی گەورەی لە شاری مرۆی تورکەمەنستان هەیە. ماوەیێك بەر لە ئێستاش وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا ووتووێژی لەگەڵ لێپرسراوانی تورکەمەنستان کرد. بە باوەری ئەو کارناسە ئەڵمانیە، بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە سنوورەکانی باکووری ئێران دەبێتە هۆی فشاری زیاتر بۆ سەر رژیمی ئێران.

ئەمریکا ئەو پەیامە دەدا بە رژیمی ئێران کە هێزی لە سنوورەکانی باکووری ئێران هەیە. "مرو" یەکێك لە بنکە گەورە نیزامیەکانی ناوچەکەیە و گرینگی زیاتری دەبێ لە بنکەکانی دیکەی ئەمریکا. فرینی فرۆکەکانی ناتۆ بە سەر ئاسمانی تورکەمەنستان ٢٠ لە سەد زیادی کردوە.